# دەرەوەی ئەم شوێنەش هەر زیندانە..!




**نورەدین وەیسی**

نازەنین مەهاباد بەهۆی دەستکورتی و هەژاری بنەماڵەکەی ونەخۆشی درێژخایەنی باوکی کە تائێستا چەندین نەشتەرگەری بۆ کراوە دایکی ناچارە بۆ بەخێوکردنی بنەماڵەکەی ئیشی ناوماڵان بکات ونازەنینیش لەماڵەوە ئاگای لە باوکەکەی وخوشك وبراکانی بێت،هەربۆیەش نەیتوانیوە بخوێنێ ، بەڵام سەرەڕای نەخوێندەواریەکەشی نازەنین کچێکی ژیرو دانایەوداوای ئازادی نەك هەر بۆخۆی بەڵکوبۆهەمووژنان دەکا ، لە وەڵامی چەند پرسیارێکدا کە شاجوانی پێشووی کەنەدا نازەنین ئەفشین لەرێگەی کۆمیتەی جیهانی دژی لەسێدارەدان بەنامە ئاراستەی کردووە، نازەنین مەهابادفاتیحی دەڵێت((**بەهەموو ئەوانەی ناووبەسەرهاتی منیان بیستووە دەڵێم تکایە بەهەرشێوەیەك کەلەدەستتان دێ هاوکاریم بکەن ، من پێویستیم بەهاوکاری ئێوەیە، ژیانم لێرە زۆر سەختە، لێرە تەنهام ودەترسێم، نیگەرانم وترس دایگرتووم، تا ئێستا نەلە منداڵی ونەلەگەنجێتیم هیچ خۆشیم لە ژیانی خۆم نەدیتووە، من چیدی بەرگەی ئەودیوارە بەرزانەی بەندیخانە ناگرم ، تکایە لێرە رزگارم کەن، سوپاسی هەموو ئەوانە دەکەم کەهاوکاریم دەکەن ودەیانەوێ ژیانم رزگاربکەن، هەوڵ وکاری ئێوە هیوایەکم پێدەبەخشێت، پەیامی من بۆ هەموو خەڵکی دنیا ئەوەیە کە دەرەوەی ئەم شوێنەش هەر زیندانە ، هەروەها دەڵێم ئەوە هەرنازەنینێك نییە کەبەدبەخت بووەوکەوتۆتە زیندانەوە ،بەڵکو دەیانی تر هەن، دەیان دایك هەن کە منداڵەکانیان لەدەستداوەوزۆر خەمبارن، تکایە هەرتەنها پشتیوانی من مەکەن، پشتیوانی هەموو نازەنینەکانی تریش بکەن، یارمەتیمان بدەن تا بگەڕێینەوە بۆ ژیانی ئاسایی))***

ڕۆژنامەی نێوداری کەنەدی THE GLOBE AND MAIL بۆ دوو ڕۆژ لەسەر یەك لەسەر ئەم پرسەی نوسیووەو ڕۆژی 2006/5/31 بابەتی سەرەکی ڕۆژنامەکە بووەولەویدا ئاماژەی بە کورد بوون وهەژاری ونەخوێندەواری نازەنین کردووە، بە پێی دواترین زانیاری کە ڕۆژی 6/1 لە ڕۆژنامە کەنەدییەکەدا بڵاوکراوەتەوە دادگا بەهۆی بچووکی تەمەنی نازەنین لەکاتی ڕووداوەکەی ساڵی ڕابردوو کە 17 ساڵ بووە پێشنیازی هەڵوەشاندنەوەی لە سێدارەدانی کردووە بەڵام تا ئێستا بە ڕەسمی هیچ بڕیارێك نەدراوە وپرسەکە یەکلا نەبۆتەوە .

بڕیارە ڕۆژی سێشەممە 6 /2006/6 لەپەرلەمانی کەنەدا بەڕێزان نازەنین ئەفشین شاجوانی پێشووی کەنەداو سەرپەرشتیاری کەمپینی پشتیوانیکردن لە نازەنین و وبلیندا سترۆنێچ ئەندامی پەرلەمانی کەنەدا لەبارەی کێشەکەی نازەنینەوە قسە بکەن وهانی حکومەتی کەنەدا بدەن کە فشار بخاتە سەر ڕژێمی ئێران بۆ ئازادکردنی.

تکایە نازەنین بەتەنیا جێ مەهێڵن، هەر کوردێك لەهەر شوێنێکە باپێی توانای خۆی هەوڵی ناساندنی کێشەی ئەم کچە کوردە بدات ورژێمی تیرۆریستی کۆماری ئیسلامی ئێران شەرمەزار بکات.

http://blog.myspace.com/index.cfm?fuseaction=blog.view&friendID=11680226&blogID=124426707&MyToken=da43155b-d05f-4d53-8072-82c5beaa6627

www.bodogmusic.com/artists/Naz_intNaz.pdf *

www.theglobeandmail.com/servlet/story/LAC.20060531.NAZANIN31/TPStory/?query=nazanin